# ماموّستا حەسەن پیّنجویّنی

ناوی (حەسەن محەممەد ئەمین مستەفا محەممەد)ە، لە هۆزی "قوباد"ە، ناسراو بە "ماموّستا حەسەن پیّنجویّنی"، ساڵی ١٩٤٩ لەگەڕەکی "بەرکێو"ی قەزای "پیّنجویّن"ی سەر بەپارێزگای سلێمانی لەدایکبووە.

خوێندنی سەرەتایی لەشاری پیّنجویّن تەواوکردووە، بەهۆی شەهیدبونی باوکیەوە لە ساڵی ١٩٦٢داو ناجێگیری بارودۆخ و ئاوارەیی، لە خوێندن دادەبڕێت تا لە ساڵی ١٩٦٩دا ئینتحانی خاریجی داوەتەوە بۆ وەرگیرانی لە پەیمانگای ئیسلامیی لە شاری سلێمانی کە لەناو مزگەوتی گەورەدا بووە، ساڵی ١٩٧٣ پەیمانگای ئیسلامیی تەواوکردووە[١].

هەر ئەوکاتەی کە خوێندکار بووە لەپەیمانگای ئیسلامی، لەدەرەوەی پەیمانگاش وانەی دیکەی لای ماموّستایانی ناوداری ئەوکاتی کوردستان خوێندووە، دەرسی نەحو صەرفی لای ماموّستا محەممەدی کۆڵیتان خوێندووە، دەرسی وەزع و ئیستعارەی لای ماموّستا مەلا عەبدولڕەحمان میرزا ڕۆستەمی خوێندووە، دەرسی فقە و بەشی فەرائزی لای ماموّستا سەعید زمناکۆیی خوێندووە، دەرسی شەرع بەشی نیکاح و تەڵاقی لای ماموّستا مەلا ڕەحیمی پەرخی و ماموّستا مەلا عینایەت خوێندووە، دەرسی مەنتیقی لای مەلا عەبدوڵڵای چروستانی خوێندووە، دەرسی بەلاغەی لای ماموّستا مەلا حسەینی دەشنێوی خوێندووە، دەرسی عەقائدی لای ماموّستا مەلا عەبدولڕەحمانی کۆڵ خوێندووە.

ساڵی ١٩٧٣ لەوەزارەتی ئەوقاف وەك پێشنوێژی مزگەوتی نزارە لەقەزای پیّنجویّن دامەزراوە، دوای ساڵێك لەدامەزراندنی بۆ خوێندنی بەکالۆریۆس لە بەشی (بنەماکانی دین)ی کۆلێژی ئیمام ئەعزەم لەبەغدا وەردەگیرێت و ساڵی ١٩٧٧ تەواوی دەکات و بڕوانامەی بەکالۆریۆسی بەدەست دێنێت.

ساڵی ١٩٧٨ لەوەزارەتی پەروەردە وەك ماموّستای زمانی عەرەبی و پەروەردەی ئیسلامی لەقوتابخانەی "ناوەندیی سەنگەسەری تێکەڵاو" لەقەزای سەنگەسەر دامەزراوە، ساڵی ١٩٨٢ ڕاژەکەی دەگوێزێتەوە بۆ سلێمانی و لەقوتابخانەی "ئامادەیی شۆڕشی کوڕان" درێژەی بە ماموّستایی دەدات.

ساڵی ١٩٨٨ بە هۆکاری سیاسی و ڕوودەکاتە وڵاتی ئێران، ساڵی ١٩٩٠ دەچێتە پاکستان و لە دەفتەری نەتەوەیەکگرتووەکان لە شاری "کوەیتە"ی بلوچستانی پاکستان دەبێتە پەنابەر.

---

[١] د.حەسەن پیّنجویّنی دەڵێت: ((ساڵی ١٩٦٩ ئینتیحانی خاریجیم دا و لە پۆلی هەشت دانرام لە پەیمانگا و دەستم بە دەوام کرد، دبو بەو ساڵی هەشتەمەوە پێنج سا لْ لەویْ بم خوێندایە، من دەرچووم بۆ پۆلی نۆ، دەبوا چوار ساڵی تر بم خوێندایە، سیستەمی خوێندنی پەیمانگا گۆڕا و لەباتی ١٢ ساڵ خوێندن بوو بە ٩ ساڵ، من لەباتی بڕۆمە پۆلی نۆ بردمیان بۆ پۆلی حەوت، پۆلی حەوتمان تەواوکرد، جارێکی تر گۆڕان بەسەر سیستەمەکەدا هاتەوە، لە ٩ ساڵەوە کرا بە شەش ساڵ، ئیتر من کە لە پۆلی حەوتەمەوە دەرچووم دەبوا بڕۆیشتمایە پۆلی هەشت، هێنامیانەوە بۆ پۆلی شەش و دواین ساڵی خوێندن لە پەیمانگادا، بەم جۆرە لەجیاتی ئەوەی پێنج ساڵ بخوێنم سیْ ساڵ خوێندم و ساڵی ١٩٧٣ بە پلەی زۆرباش پەیمانگام تەواوکرد، لەو گۆڕانەی بەسەر سیستەمی خوێندنی پەیمانگادا هات سوودی باشم وەرگرت و دوو ساڵ پێش کەوتم.

سـاڵی ١٩٩٣ دەسـتیکردووە بەخوێنـدنی بـاڵا ماجسـتێر لەزانسـتی "بنـەماکانی دیـن"دا لـەزانکۆی ئیسلامیی جیهانی لەشاری ئیسلام ئابادی پاکستان، ساڵی ١٩٩٦ تـەواوی کردووە و بڕوانامـەی ماجستێری لەزانستی فەرموودە بە پلـەی باڵا بەدەستهێناوە، بـەهۆی ئەوەشـەوە وەك وانەبێژ لـەزانکۆی ناوبراو دەستی بەوانەوتنەوە کردووە و سێ ساڵ بەردەوام بووە، مانگی هەشتی ساڵی ١٩٩٩ دەفتـەری نەتەوەیـەکگرتووەکان بەماڵەوە دەیگوێزێتەوە بۆ ئوستراڵیا.

ساڵی ٢٠١٥ بڕوانامەی دکتۆرای وەرگرتووە بە سیستەمی خوێندن لـەدوورەوە لەزانستی فـەرموودەدا لەزانکۆی لەندەن بۆ زانستە مرۆییەکان.

چـەندین بابـەت و وتـاری پـەروەردەیی و دینـی و کۆمەڵایـەتی لـە ڕووپـەڕی بەشـێك لـە گۆڤـار و ڕۆژنامـە عـەرەبی و کوردیەکانـدا بڵاوکراوەتـەوە، لـەوانیش: گۆڤـاری: پـەیامی ڕاسـتی، دوانگـە، مانیـا، ڕۆژنامـەی یـەکگرتوو، چـۆڤاری هەڵەبجـە–لـە سـوید دەرچـووە=، ڕۆژنامـەی الشـرق الأوسـط–لـە بـەریتانیا دەرچـووە–، گۆڤاری بانگی حەق و قضایا دولیة–لە ئیسلام ئابادی پاکستان دەردەچون، ...هتد.

## بەرهەمەکانی:

### أ- توێژینەوە:

١. (العلامة البابانی ومنهجة في كتابة اقتران النيرين)[٢].
٢. لێکۆڵینەوەی دەستنووسی: (الجمع بين الصحيحين-لعمر بن بدر الموصلي الكردي-)[٣].
٣. چەند توێژینەوەیەکی کورت دەربارەی بابەتە ئیسلامیەکان بە زمانی عەرەبی، بڵاونەکراونەتەوە.

### ب- نووسین:

چـەندین بابـەت و وتـار و چـیرۆکی "پـەروەردەی و کۆمەلایـەتی و ئیسـلامی" نووسـیوە، لـە شـێوەی نامیلکـە و کتێبـی بچـوکدا چـاپکراون و بڵاوکراونەتـەوە، دەورێکـی گرنگیـان هـەبووە لـە ڕابـوونی ئیسلامی لـە کوردسـتاندا و بەرەوپێشچوونی پـەروەردەی ئیسـلامی لـە ساڵانی هەشـتاو نـەوەدەکانی سەدەی ڕابردودا، ئەوانیش:

١. (ئێستا بەختیارم): بابەتێکی پەروەردەییە، پرسیار و وەڵامی دوو قوتابیدا لەخۆدەگرێت[٤].
٢. (ئێستا دڵنیام): چیرۆکێکی پەروەردەیی ئیسلامییە[٥].

---

[٢] بڵاونەکراوەتەوە، لێکۆڵینەوەیەکی زانستییە، لە ٣٣٦ لاپەڕە پێکدێت، ساڵی ١٩٩٦ پێشکەشی زانکۆی "ئیسلام ئاباد"ی کردووە لە پاکستان، وەك پێویستییەك بۆ بە دەستهێنانی پلەی ماجستێر لە بنەماکانی دیندا.

[٣] بڵاونەکراوەتەوە، لێکۆڵینەوەیەکی زانستییە، ساڵی ٢٠١٥ پێشکەشی زانکۆی "لەندەن"ی کردووە، وەك پێویستییەك بۆ بە دەستهێنانی پلەی دکتۆرا لە زانستی فەرموودەدا.

[٤] چاپکراوە، چاپی یەکەم: ١٠٥ لاپەڕە وەسەت، دار الرسالە، بەغداد/عێراق ١٩٧٨. چاپی سێیەم: ٢٠١٩.

[٥] چاپکراوە، چاپی یەکەم: ١٨٠ لاپەڕەی وەسەت، ئیرشاد، بەغداد/عێراق ١٩٨٤. چاپی سێیەم: ٢٠١٩.

٣. ( **ڕۆژوو لە ئیسلامدا** )[٦].

٤. ( **شەرحی چل فەرموودە** )[٧].

٥. ( **زاراوە و زانیاریەکانی فەرموودە** )[٨].

٦. ( **کورتە باسێکی زانیاریەکانی قورئان** )[٩].

٧. ( **جوامێری** ): شەش ڕوداوی ڕاستەقینە و پەند و ئامۆژگاریەکانیان لە خۆ دەگرێت[١٠].

٨. ( **لێبوردەیی پێغەمبەر-صلی الله علیه وسلم-** )[١١].

٩. ( **خۆت لەم سێ گوناهە بپارێزە** )[١٢].

١٠. ( **ئیمان و خۆشویستنی ماڵ** )[١٣].

١١. ( **ئیمان و ئارەزوی جنسی** )[١٤].

١٢. ( **سەری بێ ڕۆژی لەژێر خاکدایە** ): نۆ ڕوداوی ڕاستەقینەو پەند و ئامۆژگاریان لە خۆدەگرێت[١٥].

١٣. ( **گوڵاوی مەجلیس** ): کۆمەڵێك قسەی نەستەق و بەسەرهات لەخۆدەگرێت[١٦].

١٤. ( **بانگ و قامەت** ): باسێکی فقهیە لە بارەی بانگ و قامەتەوە[١٧].

١٥. ( **شەوڕەوی و بڵندبوونەوە** ): باس لە ئیسرا و میعراج دەکات[١٨].

١٦. ( **خەوەکەم چارەنووسمە** ): چیرۆکێکی ڕاستەقینە و پەندوئامۆژگاریەکانی لەخۆدەگرێت[١٩].

---

[٦] چاپکراوە، چاپی یەکەم: ١٤٤ لاپەڕە بچوك، ئیرشاد، بەغداد/عێراق ١٩٨٤. چاپی دووەم: سلێمانی ١٩٩٨.

[٧] چاپکراوە، چاپی یەکەم: بەشێوەی کۆپی، ٢٤٠ لاپەڕەی بچوك، سنە/ئێران ١٩٨٨. چاپی دووەم: سلێمانی ١٩٩٦.

[٨] چاپکراوە، چاپی یەکەم: ٨٦ لاپەڕەی مامناوەند، وەزارەتی پەروەردە، سلێمانی/عێراق ١٩٩٧.

[٩] چاپکراوە، چاپی یەکەم: ٤٠ لاپەڕەی مامناوەند، کتێبخانەی ڕۆشنبیر، سلێمانی/عێراق ١٩٩٧.

[١٠] چاپکراوە، چاپی یەکەم: ١٢٨ لاپەڕەی مامناوەند، سنە/ئێران ١٩٨٨. چاپی دووەم: سلێمانی ٢٠٠٣.

[١١] چاپکراوە، چاپی یەکەم: ٣٠ لاپەڕەی مامناوەند، دار العالمیه، ریاز/سعودیه ١٩٩٢.

[١٢] چاپکراوە، چاپی یەکەم: ٣٠ لاپەڕەی مامناوەند، دار العالمیه، ریاز/سعودیه ١٩٩٢.

[١٣] چاپکراوە، چاپی یەکەم: بەشێوەی کۆپی، ٤٠ لاپەڕەی مامناوەند، سنە/ئێران ١٩٨٨.
چاپی دووەم: ٢٠٠٢، چاپی سێیەم: ٢٠١٤.

[١٤] چاپکراوە، چاپی یەکەم: بەشێوەی کۆپی، ٤٥ لاپەڕەی مامناوەند، سنە/ئێران ١٩٨٩.

[١٥] چاپکراوە، چاپی یەکەم: بەشێوەی کۆپی، ٤٠ لاپەڕەی گەورە، سنە/ئێران ١٩٨٨.
چاپی دووەم: ٢٠٠٣، چاپی سێیەم: ٢٠١٤.

[١٦] چاپکراوە، چاپی یەکەم: بەشێوەی کۆپی، ٦٠ لاپەڕەی مامناوەند، سنە/ئێران ١٩٨٩.
چاپی دووەم: ٢٠٠٠، چاپی سێیەم: ٢٠٠٤.

[١٧] چاپکراوە، چاپی یەکەم: بەشێوەی کۆپی، ٩٠ لاپەڕەی مامناوەند، سنە/ئێران ١٩٨٩.

[١٨] چاپکراوە، چاپی یەکەم: بەشێوەی کۆپی، ٩٠ لاپەڕەی مامناوەند، سنە/ئێران ١٩٨٩.

[١٩] چاپکراوە، چاپی یەکەم: بەشێوەی کۆپی ٩٠ لاپەڕەی مامناوەند، سنە/ئێران ١٩٩٠.
چاپی دووەم: سلێمانی ٢٠٠١.

١٧. (**قەزا و قەدەر**)[٢٠].

١٨. (**بیدعە و سوننەت**)[٢١].

١٩. (**خوا لە سوڵتان مەحموود گەورەترە**): بەسەرهاتێکی واقعییە کۆمەڵگەی کوردەوارییە[٢٢].

٢٠. (**هەڵەبجە**): باس لە دوو بەسەرهاتی کارەساتی کیمیا بارانی هەڵەبجە دەکات[٢٣].

٢١. (**ناودارانێك موسوڵمان دەبن**)[٢٤].

٢٢. (**کۆشکەکەی حسەینی کورد**)؛[٢٥].

٢٣. (**غاری عەلی سەدر**): باس لە ئەشکەوتێکی کوردستانی ڕۆژهەڵات دەکات[٢٦].

٢٤. (**تووێشوی شەونوێژ**)[٢٧].

٢٥. (**زیندانەکەم**): باس لە شەش مانگ ژیانی ناو زیندانی خۆی دەکات[٢٨].

**ت- کۆمەڵە چیرۆکێکی "پەروەردەی و کۆمەلایەتی و ئیسلامی" کورتی وەرگێڕاوەتە سەر زمانی کوردی، لە شێوەی نامیلکە و کتێبی بچوکدا چاپکراون و بلاْوکراونەتەوە، لەوانیش:**

١. (**خاوەن باوەڕ لە بۆتەی تاقیکردنەوەدا**): ٣٦ لاپەڕە، ساڵی ١٩٩٢ چاپکراوە و بلاْوکراوەتەوە.

٢. (**بونی خودا**): ٨٢ لاپەڕە، ١٩٩٧.

٣. (**عاقیبەت خێری**): ساڵی ١٩٨٨.

٤. (**ڕاز نەدرکاندن**): ٢٠ لاپەڕە، ١٩٨٩.

٥. (**جەبر و ئیختیار**): ١٨ لاپەڕە، ٢٠٠٢.

٦. (**ویژدان**): ٩٤ لاپەڕە، ٢٠٠٢.

٧. (**ماڵی حەرام**): ١٥ لاپەڕە، ٢٠٠٢.

*کۆمەڵە چیرۆکێکی وەرگێڕاویش هەر شێوەی نامیلکە و کتێبی بچوکدا ساڵانی ١٩٨٤-١٩٨٥، لەلایەن چاپخانەی ئیرشادەوە چاپکراون و بلاْوکراونەتەوە، بەلاْم لای نووسەر نەماون، لەوانیش: "**گوڵێکی ژاکاو**"، "**عەودالی ڕاستەقینە**"، "**دایکێکی بێ وێنە**"، "**زیندانێکی گەڕۆك**"، "**سەربازێکی نەناسراو**"، "**نامە کوێستانیەکان**"، "**دوا بڕیارم**"، "**پاش تێلانە**".

---

[٢٠] چاپکراوە، چاپی یەکەم: بەشێوەی کۆپی، ٤٠ لاپەڕەی مامناوەند، سنە/ئێران ١٩٨٩. چاپی دووەم: سلێمانی ٢٠٠٢.

[٢١] چاپکراوە، چاپی یەکەم: بەشێوەی کۆپی، ٦٢ لاپەڕەی مامناوەند، سنە/ئێران ١٩٨٩. چاپی دووەم: سلێمانی ٢٠٠٢.

[٢٢] چاپکراوە، چاپی یەکەم: بەشێوەی کۆپی، ١٨ لاپەڕەی مامناوەند، سنە/ئێران ١٩٩٠. چاپی دووەم: سلێمانی ٢٠٠٢.

[٢٣] چاپکراوە، چاپی یەکەم: بەشێوەی کۆپی، ٣٦ لاپەڕەی مامناوەند، سنە/ئێران ١٩٩٠. چاپی دووەم: سلێمانی ٢٠٠١.

[٢٤] چاپکراوە، چاپی دووەم: ١٩٦ لاپەڕە، ڕێنوێن، سلێمانی/ عێراق ٢٠١٩.

[٢٥] (١٢) لاپەڕەیە، ساڵی ٢٠٠٢ چاپکراوە.

[٢٦] (١٤) لاپەڕەیە، ساڵی ٢٠٠٢ چاپکراوە.

[٢٧] (٢٠) لاپەرەیە، ساڵی ١٩٨٩ چاپکراوە.

[٢٨] (١٣٠) لاپەڕەیە، چاپکراوە.

**پ- چەند بابەت وناميلكە شەهيد حەسەن بەنناى وەرگێڕاوەتە سەر زمانى كوردى، ئەوانيش:**

*( **عەقائد** ): ١١٢ لاپەڕە، ساڵى ١٩٩٢چاپكراوە.

*( **بانگێشەكانمان** ): ٧٠ لاپەڕە، ٢٠٠٣ چاپكراوە.

*( **ئايا ئێمە كۆمەڵێكى كردەوەيين** ): ٤٠ لاپەڕە، دەستنووس.

*( **بۆ چ شتێ خەڵكى بانگ دەكەين؟** ): ٩٠ لاپەڕە، دەستنووس.

*( **خێزان** ): ١٦ لاپەڕە، دەستنووس.

**ج- هەندێك لە بابەتە بلاْونەكراوەكانى:**

*( **كورتە مێژوويەكى شارۆچكەى پێنجوێن** ): ٤٠ لاپەڕە.

*( **ديكشنەرى** ): فەهەنگێكى ئنگليزى بۆ كوردييە، ٦٠ لاپەڕە.

*( **بەشێك لە ژيان نامەكەم** ): ژياننامەى نووسەر، ١٠٠ لاپەڕە.

*( **مافى دراوسێ** ).

**سەرچاوە:**

١. چاوپێكەوتن لەگەڵ ناسێنراو "مامۆستا حەسەن پێنجوێنى" لە ماڵى خۆى كە دەكەوێتە گەڕەكى "سلێمانى تازە" لە پارێزگاى سلێمانى، لەم ڕۆژانەدا:

ڕۆژى سێ شەممە، ڕێكەوتى ٢٠١٦/١٢/٦ كاتژمێر دووى نيوەڕۆ.

ڕۆژى سێ شەممە، ڕێكەوتى ٢٠١٧/٢/٧ كاتژمێر دەى بەيانى.

ڕۆژى سێ شەممە، ڕێكەوتى ٢٠١٧/١/٣ كاتژمێر دەى بەيانى.

٢. سيڤييەك بە زمانى عەرەبى لەلايەن ناسێنراوە لەسەر ژيان و بەرهەمەكانى، لێم وەرگرت ڕۆژى شەممە، ڕێكەوتى ٢٠١٧/١/٧، سەعات دوو نيوى نيوەڕۆ، پارێزراوە لە ئەرشيفدا.

ئامادەكردن: احسان ابراهيم